مەسعود بارزانی لە 36ـەمین ساڵیادی ئەنفال پەیامێکی بڵاوکردەوە

مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە 36ـەمین ساڵیادی ئەنفال پەیامێکی بڵاوکردەوە و وتی: ڕاستە ئەنجامدەرانی تاوانی ئەنفال و تاوانەکانی تر تووشی شکست بوون و کۆتنە زبەدانی مێژوو، بەڵام ئاسواری ئەو جینۆساید و زوڵمەی لە دژی گەلەکەمان کران هەر ماون و برینەکانی گەلەکەمان ساڕژ نەکراون.

هەر لە پەیامەکەدا بارزانی دەڵێت: بەداخەوە هێشتا دەنگ و ڕەنگی شڤێنی بە دژایەتیکردنی کورد لەناو دەوڵەتی عێراقدا دەبیندرێت. ئەرکی سەرشانی دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەتی عێراقە کە کار بە قەرەبووی ئەنفال و ئەو جینۆساید و زوڵمە بکەن کە لەبەرانبەر گەلی کوردستاندا ئەنجام دراوە و پێویستە ڕەگە لە هەموو جۆرە هەوە و سیاسەتێکی شووم بگرن کە بە دیدێکی شڤێنی و نکۆڵیکار سەیری مافەکانی گەلی کوردستان دەکەن.

هەروەها ڕایگەیاندووە، لە یادی 36 ساڵەی تاوانی ئەنفالدا پێزانینمان بە قوربانیدان و خۆڕاگریی کەسوکاری ئەنفال و شەهیدان هەیە و سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی ئەنفال و هەموو شەهیدانی ڕەگەی

ئازادیی کوردستان.

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە

پەیامی مەسعود بارزانی لە یادی سی و شەش ساڵەی ئەنفال

بەناوی خودای مەزن و دلەڤان

شاڵاوی ئەنفال یەکەکە لە تاوانە هەرە گەورەکانی ژەمی پەشووی عەراق کە بە ئامانجی سینەوە و لەناوبردن و قەکردنی مرۆڤی کورد ئەنجام درا. لەو کەمەکوژی و جینەسایدەدا کە لە چەند قەناغ و بە شێوەیەکی ڕەکخراو سەرجەم ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە، سەدوهەشتا هەزار هاووڵاتیی بێتاوانی کوردستان بەسەروشوێن و شەهید کران. لەگەڵ ئەوەشدا کیمیابارانکردنی کوردستان و وێرانکردنی هەزاران گوند و پلانی بەعەربکردن و ڕاگواستنی زەرملە و تەکدانی ژەرخانی ئابووری و دیموگرافی و کەمەایەتی و دەروونی کوردستان بەشێکی تری ئەو تاوانانە بوون کە بەشێوەیەکی ڕەکخستوو و ئامانجدار لەلایەن ژەمی عەراق بەرانبەر گەلەکەمان ئەنجام درا.

ڕاستە ئەنجامدەرانی تاوانی ئەنفال و تاوانەکانی تر تووشی شکست بوون و کۆتنە زبەدانی مێژوو بەڵام ئاسەواری ئەو جینەساید و زوەمی لەدژی گەلەکەمان ئەنجام دران هەر ماون و برینەکانی گەلەکەمان ساڕێژ نەکراون. سەرباری ئەو ستەمە گەورەیەی لە گەلەکەمان کراوە بەداخەوە هەشتا دەنگ و ڕەنگی شەڤنی بە دژایەتیکردنی کورد لەناو دەوڵەتی عەراقدا دەبیندرێت. ئەرکی سەرشانی دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەتی عەراقە کە کار بە قەرەبووی ئەنفال و ئەو جینەساید و زوەمە بکەن کە لەبەرانبەر گەلی کوردستاندا ئەنجام دراوە و پێویستە ڕەگەل لە هەموو جۆرە هەوە و سیاسەتەکی شووم بگرن کە بە دیدەکی شڤینی و نکۆڵیکار سەیری مافەکانی گەلی کوردستان دەکەن.

لە یادی سی و شەش ساڵەی تاوانی ئەنفالدا پێزانینمان بە قوربانیدان و خۆڕاگریی کەسوکاری ئەنفال و شەهیدان هەیە و سەاو لە گیانی پاکی شەهیدانی ئەنفال و هەموو شەهیدانی ڕەگەی ئازادیی کوردستان.